# خۆپیێشاندانەکانی ئۆگست و ئاسۆیەکی سیاسی لە کوردستاندا



**نادر عبدالحمید**
jamal1506@yahoo.com

**چەند ووشەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ووتارە:**

**ئەم ووتارە بەشێکە لە نوسینێکی تر، کە پیاچوونەوەیەکی فکری–سیاسییە بە مێژووی چەپ بەگشتی و بەتایبەتیش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق(حککع)، لە کوردستاندا. بەڵام لەبەر گرینگی ئێستایی باسەکانی جیام کردەوە و هەوڵم داوە وەك نوسینێکی سەربەخۆ دەرچێت. بۆ ئەو مەبەستەش مقەست کاریم تیا کردوە و هەندێك باس و بابەتم لێدەرهێناوە. بۆیە لێرەدا لەوانەیە لە هەندێ شوێندا پچڕپچڕی پێوە دیاربێت. ئەمەی ئێستا وەك بەشی یەکەمی ئامادە کراوە بۆ بڵاوکردنەوە.**

29/09-2006

**********

**ئیعتیرازی جەماوەری و خۆپیشاندانی شارەکانی کوردستان –ئەوبەشەی ژێر کۆنترۆڵی (ی.ن.ك–) لە سەرەتای ئۆگستی2006 دا تەزوویەك بەلەشی چەپدا دێنێت و ئومێد بە هاتنەوە مەیدان و ئاسۆیەك ئەخاتەڕوو بۆ چالاکییەکی فکری–سیاسی. لەلایەکی تریشەوە بەشداریکردن، ڕێکخستن و ڕابەرایەتی کردنی ئەم ئیعتیرازاتە جەماوەریانە لەلایەن چەپەکان و (حککع)ەوە، ئەم بزووتنەوە ئیعتیرازییە ڕادیکاڵتر و بەرینتر دەکاتەوە. چەپەکان و ئەم حیزبە تا ئێستا یەکێك بوون لە بەشداربووانی ئەم بزووتنەوە ئیعتیرازییە و تاکوتەرا لێرەولەوێش دەورێکی ڕێکخەری و ڕابەرایەتییان لەئاستێکی محەللیدا بینیوە نەك لەسەر ئاستی سەراسەری ئەم بزووتنەوە ئیعتیرازییە.**

**بەڵام باسەکە واوەترە لەوەی کە بۆچی (حککع) وەیا چەپەکان بەگشتی نەیان توانی بەم ئەرکە سەراسەرییە لە ڕێکخستن و ڕابەرایەتی هەڵسن؟. پرسیاری ئەسڵی ئەوەیە ئەم بزووتنەوە ئیعتیرازییە بەرەو کوێ ئەڕوات و لەکوێ ئەگیرسێتەوە؟ بەواتایەکی تر چەپەکان و (حککع) ئەم بزووتنەوە ئیعتیرازیە بەرەوکوێ ئەبەن؟، گریمان واشدابنێین کە بتوانن ڕابەر و ڕێکخەریشی بن لەئاستێکی سەراسەریدا.[لە دووتوێی باسکردن لەم خۆپیێشاندانانە دێینەوە سەر وەڵامی ئەم پرسیارە,]**

***          ***          ***

**ئەوەی کە جێی سەرنجدانە ئەوەیە کە ئەمە دیاردەیەکی تازەیە لە مێژووی کوردستاندا کە جەماوەری کوردستان بەدژی دەسەڵاتدارانی خۆماڵی و کوردستانی نەك بەدژی دەسەڵاتێکی داگیرکەر و بێگانەیی لە کوردستان ڕادەپەڕن.**

ئەمە لەکاتێکدایە کە هێشتا سێ مانگ تێنەپەڕیوە بەسەر ڕاگەیاندنی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمدا، هەروەها ئەوەش کە جێگەی سەرنجدانە لەلایەکی ترەوە ئەوەیە کە شێوازی بەرەنگار بوونەوەی هێزە پۆلیسی و دەزگا جاسوسیە داپلۆسێنەرەکانی کوردایەتی، بە هەمان شێوازی بەعس و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی مەرکەزی و بێگانە بەخەڵکی کوردستان کەوتنە تەقە لێکردن، گرتن و سەرکوت کردنی جەماوەری ڕاپەڕیوو.

*** *** ***

ڕوخانی دەوڵەتی مەرکەزی و شکڵ گرتنەوەی بەلەڕولاوازی و بە وەرگرتنی بەشە پشکێکیش تیا لەلایەن بەرەی ناسیونالیستی کوردییەوە، تاڕاددەیەك تارمایی ترس و دڵەڕاوکێی ئیستیبدادی دەوڵەتی مەرکەزی لە سەر هەرێمەکە ڕەواندۆتەوە. وە دڵنیایی و ئارامییەکی بۆ دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد هێناوەتەدی. ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە هاوڕای ئەم ئارامییە سیاسیە ئاوەدانکاری و سەروساماندان بە وەبەرهێنانی ئابووری ڕمێنی پەیاکردوە و لەگەڵ ئەمانەشدا چاوەڕوانیەکانی خەڵکی چوونەتەسەر، ئالەم ئاووهەوایەدا لێپرسراوانی حیزبی و دەوڵەتی کەوتونەتە سەر سفرەی نازونیعمەت و تالانوبڕۆی خەزێنەی دەوڵەتۆکەکەیان لە جیاتی هەوڵدان بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی جەماوەر. سەر هەڵدانی دیاردەی گەندەڵی باشترین نمونەی ئەم وەزعە سیاسییەیە کە بە ئەندازەیەکی وابەرچاو پەرەی سەندوە کە سەرانی هەرە گەورەی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە و سەرەك وەزیری هاوبەش و سەرۆکی هەرێمەکەشیان چەندین جار لە کۆبوونەوەی جۆراوجۆر و لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەکانیانەوە بەڵێنیان بە جەماوەردا هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن.

ئەم خۆپێشاندانانە نیشانیدا کە خەڵکی کوردستان نایانەوێت لەمە زیاتر بەدیار بەڵێنی پوچەوە دانیشن و چیتر نایانەوێت فریووی درۆودەلەسە بخۆن. واتا ئەمە پلەیەکە لە ڕەوینەوەی خۆشباوەڕی جەماوەر بە دەسەڵاتدارانی تازە بەسەراکەوتوو، کە ئەم دەسەڵاتە ناتوانێت پێداویستیە سەرەکیەکانیان دابین بکات. بۆیە بۆخۆیان ڕاستەوخۆ دێنە مەیدان بۆ سنوردانان بۆ تالانوبڕۆ و ڕاووڕوتی دەسەڵاتدارانی حیزبی و ناچارکردنیان بە پەرەدان بەخزمەتگوزاریەکان و ڕەوەندی ئاوەدانکاری لە ڕێگەی دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵکەوە لەهەرێمەکەدا.

*** *** ***

ئەم خۆپێشاندانانە لە شکڵی بزووتنەوەیەك بە ئامانج و پەرچەمێکی سیاسی دیاریکراوەوە سەریان هەڵنەداوە بۆ هێنانەدی ئاڵوگۆڕێکی سیاسی: هەر لە خواستی گۆڕانگاریەکی قانوونی و دەستورییەوە بگرە تا گۆڕینی شکڵی فەرمانڕەوایی لە کوردستان و هەڵکردنی ئاڵای ڕووخانی دەسەلاتی دەوڵەتی هەرێم، بەڵکو ڕاستەوخۆ بۆ خستنەڕووی خواستە سەرەتاییەکانی ژیان سەریانهەڵداوە لە چەشنی ئاو و کارەبا و قیرتاوکردنی ڕێگەوبان و بەرزکردنەوەی کرێی کرێکاران و موچەی فەرمانبەران و دەست کۆتاکردنی بیرۆکراتیەت و فەسادی ئیداری لە دام ودەزگا دەوڵەتیەکاندا، بەکورتی هەڕەشەی جەماوەرە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی خۆماڵی بۆ پێشێل نەکردنی ماف و خواستەکانیان بۆ ژیانێکی مۆدێرن و هاوچەرخ. وە خەڵکی ئیمکانیاتێکی مادی شك ئەبەن لە کۆمەڵگەدا بۆ دابین کردنیان و چاوەڕوانییەکیان هەیە لەم مەیدانەدا، بەڵام بە بەرچاوی خۆیانەوە ئەبینن کە لێپرسراوانی حیزبی و

حکومی کێشەوەی لێ ئەکەن. پێویستە ئەوەش بڵێم کە گەرچی داوێنی هەژاری و نەداری، دەست کورتی و برسییەتی لە ژێر ئەم ڕەوەندەدا کەمێك بەرتەسك بۆتەوە، بەڵام ئەم عیمران و ئاوەدانکاریەی ئەمڕۆ لەسەر ئێسك و پروسك دەرهێنانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و سەختترین شەرایتی کار و سك هەڵگوشینیاندا بەڕێوە ئەچێت، کە هیچ قانون کارێك لە ئارادا نییە کە نەك هەر سنوورێك دابنێ بۆ سەرمایەداران کە پێشێلی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان نەکات بەڵکو کرێکاران بپارێزێ لە زەربەخواردنی ڕووحی و جسمیش. ئەم خۆپێشاندانانە و ئەم شێوازە لە سەرکوتگەریەکەی، کێشەیەکە لەسەر ئیمکاناتێکی مەوجود لەناو کۆمەڵگەدا کەئایە لە گیرفانەکانی کەمایەتییەك لە لێپرسراوان و خزم و کەسوکاەکانیاندا پاشەکەوت بکرێت وەك کەڵەکەی سەرمایە یان بکرێتە خزمەت گوزاری بۆ دابین کردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانی خەڵکی! مەسەلەکە ڕون و ئاشکرا دیارە کە کێشمەکێشێکە لە نێوان مشتێك لە گەلەگورگی پاوەنخوازی سەروەت و سامان و دەسەڵات لە لایەك و جەماوەرێکی بەرینی خەڵکی کوردستان لە لایەکەی ترەوە، لەسەر دابەش کردنەوەی ڕێژەی سەدی ئەم سەروەت و سامانە لە نێوان چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ. لەکۆمەڵگەیەکی پڕ لە فەقروفەلاکەت و بێ ئیمکانیاتێکی مادی بۆ هێنانەدی ڕەفاهیەت و خۆشگوزەرانی، خەڵکی نەچاوەڕوانیان هەیە و نە خۆپێشاندان ئەکەن بۆ خواستگەلێکی لەو چەشنە. لە کۆمەڵگەیەکی ئاوادا باس لە کۆمەگی خێرخوازانەی خواردن، پۆشاك و داوودەرمان ئەکرێت لەلایەن ڕێکخراوی وولاتە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە فریاگوزارییەکان و ئینسان دۆستەکان وەك کوردستانی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو نەك باس لە قانونی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا و هاتنی کۆمپانیا بیانیەکان بۆ وەرگرتنی تەندەری پرۆژەکانی وەبەرهێنان و هاوڕای ئەوەش دابارینی کرێکارانی ووڵاتانی دەروردراوسێ بۆ هەرێمی کوردستان، لە کۆمەڵگەیەکی ئاوادا خەڵکی ڕیزدەبەستن بۆوەرگرتنی کۆمەگی نەك بێنە سەر شەقامەکان بۆ داخوازی ژیانێکی هاوچەرخ و مۆدێرن.

ئەم ڕەوەندەی ئێستا پێچەوانەی ڕەوەندی ساڵانی نەوەتەکانە، ئیعتیرازاتی جەماوەری ئەوکاتە لەو ڕەوندەی نەوەتەکاندا مانای خۆی وەردەگرت و ئاسۆکەی دیاری ئەکرا وە ئیعتیرازاتەکانی ئێستا ئەم ڕەوەندەی ئێستا مانای پێدەبەخشێ و ئاسۆکەی بۆ دیاری ئەکات. تاکتیك و سیاسەتێك کە ڕەوەندی نەوەتەکان بنەماناکەی بوو، وە ئاسۆکەی بۆ دیاری ئەکرد وەك مەسەلەی "سەربەخۆیی کوردستان" لە ئێستادا ئەم تاکتیك و سیاسەتانە بنەماکانی خۆیان لەدەستداوە، و ڕەوەندەی ئەمڕۆ تاکتیك و سیاسەتی تر ئەخوازێت.(لەفرسەتێکی تردا دێینە سەر ئەم مەسەلەیە).بۆیە بەم مانایە ئەم خۆپێشاندانانە بەشێکە لەو ڕەوەندە مێژووییە لە ئاوەدانکاری و عیمرانیەت کە ئێستا هەرێمی کوردستان پێیداتێئەپەڕێت. وە ئاسۆ سیاسییەکەشی لەناو چوارچێوەی ئەم ڕەوەندە مێژووییەدا پێناسەی خۆی وەرگرتووە کە ئاسۆیەکی ڕیفۆرمیستانەیە.

بەکورتی ئەم خۆپێشاندانانە خۆجیاکردنەوەی جەماوەرێکی بەرینی چەند چین و توێژێکی جیاجیای کوردستانە، بۆ ژیانێکی مۆدێرن و هاوچەرخ، لە دامودەزگای دەسەڵاتێکی نامۆ بە وویستوخواستەکانیان کەتازە خەریکە بەبان سەریانەوە قوتئەکرێتەوە، بەڵام لە چوارچێوەی ئاسۆیەکی ڕیفۆرمیستی و بەشێوازێکی ڕادیکاڵانەی جەماوەری.

ئەم شێوازە ڕادیكاڵە مەسەلەیەكی بایەخدارە بۆ كاری سیاسی چەپ و كۆمۆنیستەكان. چونكە هاتنە مەیدانی ڕادیكالآنەی جەماوەر نەك هەر لەمپەرێك دائەنێت لەبەردەم گەندەڵی و ڕاووڕتی لێپرسراوان و تین و تەوژمێكش ئەدات بە پەرەسەندنی خزمەتگوزارییەكان و پڕۆسەی ئاوەدانكاری، بەڵكو فەزای فكری و سیاسی كوردستانیش ئەشڵەقێنێت و بوار بۆ چالاك بوونەوەی ڕەوتە فكری و سیاسیەكانی دەرەوەی بزووتنەوەی ناسیونالزمی كوردیش بەرفراوانتر ئەكات و ئاووهەوای گەشەسەندنیان بۆ ئەخوڵێنێ.

*** *** ***

ئەمە دابڕانێكی سیاسی سەرەتایی جەماوەرە، بە چالاكییەكی ڕدیكالآنە، لە ڕیزی كوردایەتی. بەڵام ئەم دابڕانە ناتوانێت هەروا بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە. بەڵكو لەبەردەم دووڕیانێكدایە، یان ئەپوكێتەوە و ئەچێتەوە باوەشی ناسیونالیزمی كورد لە ڕێگەی ڕیفۆرمێكی ئابووری-كۆمەڵایەتی نیوەناچڵ و پوچی دەسەڵاتدارانی كوردستانەوە، هاوكات لەگەڵ هەوڵدان بۆ خامۆش كرنی لەڕێگەی زەبروزەنگ و سەركوتەوە. یان ئەبێ ڕێگەی بۆ هەموار بكرێت كە پەیوەست بێت بە ئیعترازێكی سیاسی-چینایەتی ئەسڵی ترەوە لە كۆمەڵگەی كوردستاندا. كەبەداخەوە لە ئێستادا بەرجەستە و شكڵ گرتوو نییە لە گۆڕەپانی سیاسی كوردستاندا.

مەحدوودیەتی مێژووی ئەم بزووتنەوەیە ئاشكرایە، لایەك ئاسۆ ڕیفۆڕمیستیەكەی و لەلایەكەی تریشیەوە غیابی حیزب و بزووتنەوەیەكی سۆشیالیستی كرێكاری بەهێز لە كوردستاندا. بەڵام ئەمە بەم مانایە نییە كەئەم بزووتنەوەیە ئەتوێتەوە و نامێنێت، بەپێچەوانەوە هەتا ئەگەر بشپوكێتەوە بە و ڕیفۆڕمە پوچانە یان خامۆش بكرێت بە زەبروزەنگ، لەم دەورەیەدا دوای ماوەیەكی تر لەسەر بنەمای مەسائیلی تر سەرهەڵئەداتەوە. ئەمە شتێك نییە بە ئیرادە دروست بكرێت، گەرچی ئیرادەی سیاسیش دەوری خۆی تیا ئەبینێ، بەڵكو بنەمای پەرەسەندووی سەرمایەداری لەمڕۆی كوردستاندا بەرهەمی ئەهێنێتەوە. بەم شێوەیە بنەمایەكی كۆمەڵایەتی بۆ زیندوو ڕاگرتنی چەپ لە كوردستاندا هەمیشە هەیە و بەشێكی دانەپچڕاوی ژیانی كۆمەڵایەتی-سیاسی و فكری ئەم كۆمەڵگەیە پێك ئەهێنێت. گەرچی فەترەیەك چستوچالاك و فەترەیەك خامۆش ئەبێت.
پرسیاری ئەسڵی ئەوەیە كە ئەم هەڵچوونوداچوونەی(المد و الجزر) ئیعتیرازاتە جەماوەریانە تاكەی؟ ئایە ئیمكانی دەرباز بوون هەیە لە ناو ئەم بازنەداخراوەدا؟

*** *** ***

مامەڵەی چەپ و حككع لە گەڵ ئەم دیاردەیەدا، نەبینینی ئەم دیاردەیە لەو ڕەوەندە مێژووییەی ئەمڕۆی كوردستاندا و نەبینینی ئەو مەحدودیەتەیە لە ئاسۆیەكی ڕیفۆڕمیستی و لە ئینێرژیەكی سیاسی مەحدود كە ئەم بزووتنەوەیە هەیەتی. وە لە شانس و بەختێكیش كە ئەم بزووتنەوەیە لە غیابی حیزبێك یان بزووتنەوەیەكی قودرەتمەندی سۆشیالیستی كرێكاریدا هەیەتی.

چەپێكی تینو، شێت و شەیدا و مەفتوونی ئاكسیۆن هەر بەبینینی ئەم دیاردەیە بەجلوبەرگەوە خۆی فڕێدایە ناو ئەم حەوزی مەلەیەوە. وەلەڕلستیدا ئەم دیاردەیە بۆ چەپ فەلسەفەی وجود و ژیانە.

لێرەدا مەبەست نە ڕەخنەگرتنە لە بەشداریکردن لەناو ئەم بزووتنەوە ئیعتیرازیە وە نەکەم بەهادانانە بۆی. ئەمە جگە لەوەی لاپەڕەیەکی درەخشانە لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردستاندا، کۆرپەیەکی عەزیزیشە لای هەر کەسێکی پێشکەوتووخواز، چەپ و کۆمۆنیست. وەهەروەك لەسەرتای ئەم ووتارەدا پەنجەم بۆ ڕکێشاوە، چالاك بوونی چەپ و کۆمۆنیستەکان تییایدا بزووتنەوە ئیعتیرازییەکە ڕادیکاڵتر و بەرفراوانتر ئەکاتەوە.

مەبەست لێرەدا دەرخستنی ناوەڕۆکی خودی ئەم ڕادیکاڵیەتەیە لە هەناوی ڕەوەندێکی مێژوویی کۆمەڵگەی کوردستان، کەلە دوا ئاکامدا ئەم ڕادیکاڵیەتە لە ڕیفۆڕمێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی واوەتر ناڕوات. هەرچەندە لەڕێگەی ئیعتیرازاتی جەماوەری و بەشێوازێکی شۆڕشگێڕانەشەوە بێتەدی.

وە لە باری مەعریفەی نەزەریشەوە مەسەلەکە دەرخستنی نەبوونی ئیدراکێکی ماتریالیستی مێژووییانەیە بۆ ئەم دیاردەیە. و نەبینینی ئەم بزووتنەوەیە وەك کوللیەتێك لە ڕەوەندێکی مێژووییدا. ئەڵبەتە ئەمەش هەر تەنها موشکیلەیەك نییە لە مەعریفەی نەزەریدا بەڵکو موشکیلەیەکە لە جیهانی واقعیدا کە چەپ و ئەم بزووتنەوەیە یەك ئۆڕگانیزمەی واحیدن و لەمیتاپۆلیزمێکی هاڕمۆنیدان بەیەکەوە. بۆیە چەپ ناتوانێت دەرەوەی ئەم بزووتنەوەیە، وە ڕەوندێکی مێژوویی کە شکڵی تیا ئەگرێت، مەحدودیەت و سنووری بۆ دائەنێت و ئاسۆی پێ ئەبەخشێت، ببینێت.

*** *** ***

چاوەڕوانی لە حیزبێکی چەپ و ڕادیکاڵ، کرێکاری و کۆمۆنیست هەر ڕێکخستن و ڕابەرایەتی کردنی ئەم بزووتنەوە ڕدیکاڵە ئیعتیرازیە جەماوەرییە نیە بۆ هێنانەدی خواستەکانی. گەرچی ئەمە خۆشی بەتەنها کارێکی سیاسی و ئینسانی بەهادارە، بەڵکو دەربازکردنیەتی لەو ئاسۆ ڕیفۆڕمیستیە و بەرزکردنەوەشیەتی بۆ ئاستێك کە ببێتە خاوەن ئالای ئاڵوگۆڕییەکی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بەجیا لەوەی کە بتوانرێت وەیاخود نەتوانرێت پەیوەست بکرێتەوە بەبزووتنەوەیەکی سیاسی-چینایەتی سەراسەرییەوە لە عێراقدا. ئەڵبەتە باشتر ئەوەشە و زەروریشە کە لە ئاسۆ هەرێمایەتییەکەشی بهێنرێتە دەرەوە و ڕووە و پەیوەستکردنی بە بزووتنەوەیەکی سەراسەرییەوە ئاڕاستەبکرێت.

ئەم دەربازکردنەی بزووتنەوەکە لە ئاسۆکەی ئایە مانای مانەوە و خولانەوەیە لە ناو خودی ئەم بزووتنەوەدا بەڵام بە ئاسۆیەکی تازەوە؟ یان واوەتر چوونە لە خودی بزووتنەوەکەش و ساغکردنەوە و ڕاستکردنەوەیەتی لەسەر بنەمای بزووتنەوەیەکی سیاسی چینایەتی پایەدارتر لە کۆمەڵگەی کوردستاندا؟ میکانیزمەکانی ئەم ساغکردنەوەیە چین؟

پرسیار ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوە سیاسیە یان حیزبەی ئەتوانێ هەڵسێ بەکارێکی ئاوا ئەبێ خاوەن چ ئاسۆیەکی سیاسی و چ تاییەتمەندیەکی سیاسی بێت لە کوردستاندا؟

**ئەگەر ئەم پرسیارە گشتییانە تایبەت بکەینەوە ئەبێ ببینە سەر ئەوە کەئایە چەپ و حککع خاوەن ئەم ئاسۆ و تایبەتمەندیانە هەن؟**

**-ماویەتی-**

*** *** ***